## له نێو خۆی وڵاتەوه

# ناڵەی تەرەغە

نیما بۆکانی

تەرەغە! بەرزە چیای خۆڕاگر! | کانی ڕووناکی ئەوین و ئاگر
لوتکەکەت چاوگی گڕی نەورۆزە | وا لە بەر چاوی گەلم پیرۆزە
مەتەرێزی شەرەف و دڵپاکیی | ڕۆحی هەرمان و دڵی ڕووناکیی
سەنگەرت چاوگەیە کانیی ژینە | سێبەرت تاوی دڵی بێ تینە
ریزەبەردت مەتەرێزئاسایە | بڕبڕەی پشتی کوڕی ئازایە
دانەبەردت کە لە لایەک هاڵاون | ئارەقە و خوێنی لە ڕوو پڕژاون
بۆیە وەک خۆر لە بریسکانەوەیە | خوێنی کورد بەو گڕە بەرداوەیە
نەخشی تۆماری هەزاران ساڵەم | لە سەرت نەخشە بە چەشنی ناڵەم
وەک سەری میللەتە کە سەربەرزی | دژ لە بەر هەیبەتی بەرزت لەرزی
بەژنی هیوای مەیە ئەو باڵایە | بۆیە دژ چاوگەلی پێی هەڵنایە
چاوی "سوڵتان" و دڵی "میرقازی" | ودمی سەربەرزیی بە تۆ دا "قازی"
جێی کەلاک خۆر و گەڕ و ڕووڕەش نی | هەڵۆ شاباڵی لە بەرزیت دەشنی
ڕەوەزت لانی پڵنگ و شێرە | بۆ ڕەواسە و چەقەڵان هەڵدێرە
گورزی تۆ "پێمەڕەکەی فەرهاد"ە | بە سەری دوژمنی کوردی دادە

*******

"بەردە دەرزی" لە پەنات وێستاوە | وەکوو نێزەی دەسی کورد ڕاساوە
کێشکی تۆ دەگرن "سێ کۆیان" | نابزوون بۆیە لە جێگەی خۆیان
سەربەرز، سینەمەتاڵ، قیت و زۆپ | نەیسمین مووشەک و ڕاکێت و تۆپ

******

خەنجەری خاکەکەمی ڕاساوی | شەوەزەنگ هەڵچوو لە نوچکت چاوی
کێ دەڵێ ناوی مەغوولت لە سەرە | کەمتیار ڕێی نیە قەت لەم دەڤەرە
"تەرەگە"ی نەک تەرەغەی چەنگیزێ | ناوەکەت با دژی پێ هەڵتیزێ
باوەشی شیو و خڕ و زەندۆڵت | ڕەوەزی ڕژد و چڕ و بنکۆڵت
جێ حەشارگە و تەرەگەی لاوانن | بۆ گەڕ و پێڕەش و دڕ پاوانن
کۆڵەکەی کەپری هەوا و ئاسمانی | پاڵەپشتی دەمی لێقەومانی

******

"ئەژدیهای کۆشکی" سەری قرتاوە | سەری تاراوە، لەشی جێماوە
هێند دڕن دوژمنی دڵ پڕ قینت | کەڵپە دەگرن لە لەشی بەردینت
هێندەیان گڕ لە دڵت بەرداوە | ڕەوەز و دوند و بنارت چاوە

*********

تیری دژ دێ کە بکا پێ پەستت | "پیرسلێمان"ە مەتاڵی دەستت

**********

دادەپاچێ سەری جاشی بێژووک | "خاڵە ڕەش" ڕۆژێ بە "چەکوچ و ماڵووک"

*********

ئاگری دۆڵی مەناڵەت ماوە؟ | ئەو گڕەی دوژمنی پێ دەتواوە

*********

"کونە خەرتەڵ" هەیە لێی داڵاشان؟ | هەڵکەنن جەرگ و گلێنەی جاشان

*********

ماری سەر شانی ڕەقان و ساکۆ | ژاری هەڵڕشتە گەرووی هۆلاکۆ

*********

پاڵە پشتت کە "قەڵای خەڵکیانە" | شوێنی پشکووتنی عەشق و ژیانە

رۆیی ئەو کاتە قەڵای خەڵکی بوو    بۆ خەوی مشك و مڵان کەڵکی بوو
شوێنی پۆستاڵی ڕەشی چەنگیزان    ئێستە پڕ هەڵز و شلێرە و بیزان
کاتێ کەمتیاری هولاکۆ هاتن    لە سەر و ماڵ و ژیان ڕۆ هاتن
شار و گوندی لە قوڕ و خوێن وەردا    گڕی شاڵاوی لە باخان بەردا
دەستی هەڵگرت کە لە سەر هەڵکەندن    لەوێ پۆستاڵ و زرێی داکەندن
مۆڵی دا گورگ و چەقەڵ لەو بانە    ڕاچەنی شاخ بە ورەی کوردانە
غیرەت و عەشق و ورە و هێز و قین    لە چیا و بەرد و زەوی هەڵتۆقین
دار و چاڵووکی بنار و کەژ و کۆ    دایە بەر پاشەڵی درك و پشکۆ
خەنجەری تنگس و تیکان و زی    دڵی پڕ قینی دژی پێدەتەزی

**************

ڕەشەبای تووشی عەجەم لرفەی هات    نایە ژێر پێ دڵەکەی پاکی وڵات
شێری مێرقازی برووسك وێنە    لەشکری دوژمنی کرد دروێنە
تا بە شاخ و گەوەدا هەڵدەزنا    دەست درێژ، دەستی دەقرتا لە بنا
سەفەوی و لەشکرەکەی کوت کوت بوون    بە ورەی کوردی نەبەز سەرکوت بوون

**********

گۆڕە دۆڵی هەرەسان هێشتاکەش    ڕادەماڵێ تەرەسان هێشتاکەش
بۆ بەری پێ و دڵی کەرجاشانت    وەك چەقڵ تیژ بوو قرپاشانت
ڕیزی حیزان گەلێ لەو دۆڵە هەرەس    تێکی شێلان و نەیاندینەوە کەس
لەشکری پێرەش و دڕ لەو ناوە    بە گڕی هەڵمەتی کورد دەتواوە
تەفر و توونا بوو سەفی دوژمنی دڕ    بە ورەی شێرە کچ و هەڵمەتی کوڕ
ترسەنۆك و قزە نایانە گەلۆز،    کلك، و هەڵچەقییە زەلاقەی لمبۆز
شایەدن بەرد و درەخت و بنچك    لەوێ دژ بوون هەموو پەنچك، پەنچك

*********

تەرەغە! سەر بە تەمی، دڵ بە خوێن    سینە برژاوی، سەر و روو بژوێن
دڵپڕی دەستەیەکی خۆخۆری    گەر چی جێژوانی دڵی پرشۆری
ئەو دڕ و رق لەزگانە کورد نین    ڕۆحی کورد دوورە لە تاڵان و برین

دڵی کورد کانی ئەوینە و جوانی    وەك سەرت بەرزە ورە و ویژدانی
تاقمێکن کە دڕ و ژاراوین    بێ بزە و یانیگر و قیناوین
توخمی تورك و عەرەبن جێماون    ئاشقی خوێن و گڕ و شاڵاون
بۆ نەیار هێندە بە دڵ داهاتن    تاکوو حیزانە بە چۆك داهاتن
چوونە کرنۆشێ لە بەر پێی دوژمن    ئافەرینێ سەری تێدا بردن
گایە بوون عەشقی نەقیزە و خەرەزەن    تەپ و گوێ خیچ و خەساو، گێل و دەبەنگ
جەرگی دایکی خۆی ئەکێڵا بۆیان    بوو بە دەسکی چەقۆ شاخی خۆیان
بەو چەقۆیە هەموو سەریان دەبڕا    ورگ و جەرگ و دڵی سڕیان دەدڕا
هێندە مەست بوونە بە چێژی جاشی    هەر دژێ بێ دەبنە وێڵداشی
خاکی خۆیان دەکەنە مۆڵ بۆیان    دەمرن وەك سەگی کرمۆڵ بۆیان
لە دەس ئەو دەستە دڵم بێزراوە    ڕۆحی هەستم بە کەسەر خنکاوە

*********

خۆزگە بێ شاعیری پیری کۆ کەم    ویش بسووتێ بە خەمی ئەمڕۆکەم
وەکوو ئەودەم گەلی خۆخۆر ماوە    جێگە سمکۆڵ و شەڕ و شۆر ماوە
گرپژی واژە بە سەریاندا کا    خەنجەری خامە لە دڵیان ڕاکا

********

تەرەغە! هەورە دڵی سەرڕێژم    بێڵە فرمێسکە خەمم دابێژم
ڕێم کە باخێ گوڵە ئەسرین بێنم    لە بناری دڵی تۆی پرژێنم
گوندەکانت بە تەپوتۆز نوقمن    خەم بە روویانەوە شەختە و زوقمن
وەك هەور بێم و لە سەریان داکەم    سەر بە ماڵی دڵەکانیاندا کەم

********

گوندی سووری تەرەغەت هەر ماوە    ماڵ و کۆڵانی بە خوێن ڕەنگاوە
مەدرەسەی بیری شەڕەفکەندی بوو    چاوگی هێزی ورە و ڕەندی بوو
روونە بەرلین بە ترووسکەی خوێنی    باوەشی تۆ بووە لانکە و نوێنی

**********

دەچمەوە باوەشی "عیلمابادی"    لەوێ ناسیم گوڵی رووی ئازادی

**********

گوندی "سەیداوا" لە خوێن گەوزاوە / شاڵی سەوزی لە برین پێچاوە

گوڵ لە دەوری سەری خەرمانەی دا / رووی لە گوڵزاری بەهەشت تانەی دا

"کانی ڕەش"چاو و دڵی ڕەشپۆشن / دوژمنی کوردی بەوەی دڵخۆشن

بۆیە ڕشپۆشە، دڵی خەمبارە / چاوی، نەینووکی هەزار ئازارە

چاوەکەی غیرەتی لێ هەڵدەقوڵێ / دوژمنی کوردی لە نێودا دەکوڵێ

**********

خوێن پەڵەیدا لە خڕی"سەرباخچە" / سوور کرا جاڕ و بەیار و تاخچە

جۆگەلە و شیوەڵ و کەند و لەندان / کەڵەك وکەندڕ و "کانیی خەندان"

سنگی دەشت و دەر و کۆ دابێژران / تەرمی چەن سوورە چنار ڕاکێشران

شێر لە داو و تەڵەدا چۆن دەمرێ / چۆن سەری بەرزی لە عەرزی دەدرێ

راپەڕین شێر دڵ و چالاکانە / تاکوو دوایین پشوو بێباکانە

**********

خۆفرۆش چاوی نەدابا بە نەیار / بەرهەڵێخی نەدەویست "چوار دیوار"

هێم و دیواری لەخشت و خۆڵا / رەقترن زۆر لە سمیت و پۆڵا

جاش نەبوویایە بە مشك ومڵە / بە عەجەم کون دەبوو ئەو خشتە گڵە؟!

**********

"سەردەراباد"بووە ڕووگەی هیوام / ئێستە سەرخۆشی ئەوینێکی وام

بۆیە مانم لە دڵی ئەو ڕایە / دڵەجێماوە کەمی تێدایە

رێزەیەك خۆڵ و گڵی کۆڵانی / رۆژ و مانگی دەکەمە قوربانی

شاهەڵۆی کۆشکی"عەزیز کەند"م کوا؟ / قەلەڕەش وەختە هەناوم دەخوا!

تێچریکێنێ هەوای سەوزی ژیان / لە گەرووی شێرەوە تا بەرزیی ژیان

ئەوە ئامانجی دڵی پڕ لە خەمم / تین و تاسەی سەری پڕ هەور و تەمم

**********

"دارە گردەڵ" پەلی هەڵکێشاوە / خوێن لە سەر پۆپ و چڵی ڕسکاوە

گەنجی شمشاڵی لە باخەڵدایە / بەیت و حەیران لە دڵی ئەو ڕایە

کورە دەروێش بە هەوای بارانە / سەنگی سێبووری ئەویندارانە

**********

شلکە پەلکێکی گەزیزەی ناخت / داڕژا لەو دڵە زیزەی شاخت

بەژنی پێدەشتی شێعرباران کرد / هات و ڕۆژباشی لە گوڵزاران کرد

"باخچە" فرمێسکی بەجێمان، تەرەغە! / بوو بە شێعری دڵی "رەحمان تەرەغە"

**********

ئەو گڕەی جەرگی شەوی کرد پارە / زایەڵەی دەنگی "عەلی کەردارە"

رۆحی حەیران و گەلۆ و ئازیزە / نیوەشەوە، ئایشە گوڵ و پاییزە

لاوك و بەیت و مەقام وبەستە / جوانە هەرچی هەیە، تێکەڵ هەستە،

لە گەرووی پاکی ئەوا پشکووتن / وا لە گەڵ ڕۆحی هونەردا جووتن

بۆنی ڕێحانە لە بەر پەنجێرە / سەردەخا تا کوو دڵی ئەستێرە

شاگوڵی "باخچە" دەبا بۆ ئاسمان / پەلکی بێگەردی ئەوە پێناسمان

**********

دەشتی نۆبارێ بە گوڵ ڕازاوە / خوێنی پێشمەرگە لە رووی پڕژاوە

جار و شێوەرد و بناری کاوان / گشت پەڵەی دابوو بە خوێنی لاوان

**********

"رێی گەوان" سوورە هەنوو دەخوێنێ / بە گەرووی سوورەوە کەو دەخوێنێ

بە هەوای شیوەنەوە قەسپەی دێ / کڕی دەندووکی گەشی کسپەی دێ

**********

سوورە کانیاوی "هەلاوان" هێشتا / خوێن و ئەسرینی لە چاوان هێشتا

**********

ماوە لێی "ئاشی گوڵان" بەرداشی / سەری جاشان بکەمە باراشی

ئاشەوانی بە ورەی ئەم ناوە / ئاشی بە خوێنی نەیار گێڕاوە

**********

"پاشبلاخ" باخی بەهەشتی دنیای / داخەکەم جەردە تورك ناوی نای

تۆ دەبوو ناوت ئەوین ئاوا با / دڵەکەت کانیی حەز و هیوا با

**********

تەرەغە بەژنی بریندارى کورد      سەنگەری لاوی ئەویندارى کورد

لە دەسی خاکەکەما پێنووسی      ناوی تشکت لە دڵی شەو نووسی

فێری وانەی نەبەزینت کردین      ئاشقی بەرزە فڕینت کردین

یەکە سەر تاجی وەری نایە سەری      چوونە کڕنۆش کەژ و کێوان لەبەری

باوەشت کردەوە بۆ هی وامان      تۆ نەبای قەت نەدەبوو هیوامان

بۆ هەزار لانکە بوو سەر شانی تۆ      فرچکی گرت بە مەمی کانیی تۆ

بۆیە ڕووناکە دڵی "کانییەسارد"      شیری زامار لە سەری گیانی سپارد

مام هەژار شێعری لە ئەدگاری پژاند      مەلی واژەی لە سەری هەڵدەفڕاند

ڕۆحی تێکەڵ بوو لە گەڵ سەرچاوەی      بۆیە وا ڕوونە دڵی ئەو ئاوەی

**********

"خیزەشینت" بە گوڵان ڕازاوە      جێ پشووی "قالە مەڕە"ی لێماوە

زایەڵەی سووری گەرووی شمشاڵی      لە دڵی هەوری دەخشکاند باڵی

**********

ژوانی فرمێسکە خەمی بێ بن بووی      سەنگەری شێعری هەژارو هێمن بووی

سینگی بەر گێڵەکەی ئەشکەوتی هەژار      ماوە پێوەی گوڵە ئەسرین بە هەزار

**********

ئەسری شیلان و ڕەز و تووترِ کن      لە بنار و ڕەوەزانت دەتکن

دەنکە فرمێسکی نیگای دارەبەنن      بە چەمە خوێنی شەوان پێدەکەنن

**********

چاوی "کانی سپی" فرمێسکاوین      بەردی دەوروبەری هەر خوێناوین

"خدر"ێك لێوی لە لێوی داوە      تا ژیان مابێ ئەویش هەر ماوە

کوڕی کورد چاندی لەوێ تۆوی خوێن      گوڵە مێلاقە لە دەوری دەڕوێن

**********

"کۆچەری" شاری لە مێژینەم بوو      واری ئەم هۆزە بە بێ قینەم بوو

جێی نەژاد و کەس پێشینەم بوو      بووی ئەوەی هەرچی لە پێشی نەمبوو

شاری ئەشق و دڵی پڕ بریا بوو      ژوانی ڕووناکی ئەوین و خوا بوو

هەروەکوو ئاگرەکەی زەردەشتی      پاقژن دوند و قەد و پێدەشتی

**********

تەرەغە ! کانی ئەوین و جوانی      شنەگای شیعر و شەو و گۆرانی

خوێن وەکوو تەم بەری چاوی گرتووم      نایەڵێ موویە لە جێی خۆم ببزووم

**********

تا قەڵەم دێتە هەژین و بزوان      رایدەپێچێ خەم و داخ و کۆڤان

با دەمێ خۆ لە خەمی ژین لادەم      ژیان بەرەو واری ئەوینێ رادەم

**********

باوەشت ژوانی حەزە و کانیی هونەر      لە دڵت فێر بوو سروشت جوانیی هونەر

کیژەکانت کە پەریی سەر عەرزین      وەکوو خۆت کانیی ورە و سەربەرزین

**********

"خاڵ سمایلان" بووە ڕاوگەی لاویم      جێ هەواری حەز و دڵ دۆڕاویم

کوڕی شایی لە سەر ئەو ئاوە دەبوون      بۆ ئەوین، دڵ هەموو سەرچاوە دەبوون

کوڕە دەروێشی خڕ و لاپاڵی      قۆڵی بۆ بەزمی ئەوین هەڵماڵی

شەنگە بیزا کە سەری دەر دێنا      بە هەوای سەوزە قژی دادێنا

ڕۆحی تێزا بە شنەی شمشاڵی      گردەڵی داری بنار و یاڵی

کوڕی حەیران بە ئەوینی بێری      فرچکی گرت بە هەوای بلوێری

کوڕ و کچ شاد و گەش و بێ ڕق بوون      دڵتەڕ و لێو بە بزە و عاشق بوون

شادی دەستی لە دڵان وەردێنا      زەردە شابسکی بزەی دادێنا

کوڕ بە زەردە و حەز و چاو داگرتن      کچ بە رووگرتن و ڕەوتی و شەرمن

چاو و برژۆڵ و نیگا تێکدەبەزین      لەش دەچۆقان و دڵ و جەرگ ئەتەزین

کۆلکەزێڕینە بوو شایی و دیلان
ئەسپی سەرکێشی ئەوین دەیحیلان

ڕەشبەڵەک تێکەڵی خەرمانەی گوڵ
دڵی ئاسمان و زەوی دێنا کوڵ

چاو لە هەر جێیە دەنیشت جوانی بوون
دڵ هەموو ڕۆشن و بارانی بوون

سروە بۆنی بەرەزای هەڵدەپژاند
بە شنە، گیا گوڵە شەوبۆی دەدواند

جوانی تێکەڵ گوڵ و سەوزەگیا بوو
لە هەموو لاوە سەری هەڵدابوو

لە سەر ئەو ئاوە گوڵێ لالە کوڵم
تاڵە بسکێکی گرێدا لە دڵم

ئاوی لێوانی لە سەر ئەو چاوە
ژینی سەوزی ئەبەدیی پێداوە

مردنیش بێت و سەرم داپاچێ
ئەو ئەوینەی لە دڵم دەرناچێ

*********

تەرەغە! دڵ بە خەمی خۆکوشتن
دیت برا خوێنی برای خۆی ڕشتن؟

ئەو هەموو ماتەم و ژانەت بینی
چاوی ئەو خوێنە گەشانەت بینی

چۆنە پشتت نەچەما و دانەڕمای؟
کورد لە چنگی دەتکا خوێنی برای

کورد بە دەست کوردەوە پشتی دەشکان
خوێن لە دڕك و لە گژ و گیا
دەتکان

"سەنگەران" سوور بوو لە خوێنا چاوی
بەرد ئەبرژا بە گڕەی هاڵاوی

چیمەن و بنگەڕ و مێرگ و بژوێن
پاکی بۆڕۆ بوو بە شۆڵاوگەی خوێن

پەلکی گوڵ، چقڵ و چزووی لێ ڕوابوو
بۆ لقی خۆی چزی دەرکێشابوو

لق و پەل مار و گەڵا دووپشکە
تێك دەهاڵان تەڕەدار و وشکە

بەژنی یەکیان هەڵەپاچی زوو زوو
تێك دەنووسان بە گەزارە و بە چزوو

بە تەورداسی ڕقی خۆخۆری
بۆ نەیار بوونە قەڵاتە و قۆری

دژە کورد شایی لە دڵیان دەگەڕا
دیی برا دژ بە برا ڕادەپەڕا

چەك لە سەر پێ بوو بەرامبەر خۆیی
لەش پرووسقا بە قوڕی دووپۆیی

ئەو دژی کوردی دەدی دەتواوە
مەست بوو ڕۆحی بە بزە و قاقاوە

دیی دڵی هاومەتەرێزی دەگەزی
ئەو کوڕەی گیانی لە ترسی دەتەزی،

گوللەکەی چەپکە گوڵی دا لەسەری
ئەو چەکەی زەندەقی چووبوو لە بەری

*********

تەرەغە دەردی دڵم یەکجارن
خەمی دنیا لە دڵی من بارن

کەی لە سەر تۆ دەشەکێ ئاڵاکەم؟
سەر لە هەوران دەسوێ باڵاکەم؟

سروە بۆنی پەڕی ئاڵا کە ببا
ڕەنگی ئاشتی و گوڵی ئەم خاکە ببا

تێبگەن ئاشتی پەرەستی دنیا
گەلەکەم چەندە غەریبە و تەنیا

*********

تەرەغە! بەرزە چیای خۆڕاگر!
کانی ڕووناکی ئەوین و ئاگر!

ئەشقی سەوزت قەڵەمی دا دەستم
هەڵقوڵی کانیی زوڵاڵی هەستم

پێم بڵێ گۆڕینەوەی دڵ ناکەی؟
سەری دڵ ئەمڕۆ کەوا دێ لاکەی

با لە ژێر کێوی خەما خۆ بگرم
مەرگی دژ تاکوو دەبینم نەمرم.

**هاوینی ۱۳۸۵**
**بۆکان**